

## وێنەی دەرچوون لە زانکۆکانی کوردستان

ئاوات و هیوای هەموو فێرخواز و قوتابییەکە، لە زانکۆیەك بخوێنێت و لە دواقوناغیشدا بەشداری ڕێوڕەسمی ڕۆژی دەرچوون و بەدەستهێنانی بڕوانامەکەی بکات. لەم ماوەیەدا ڕۆژێك دانراوە بۆ وێنەی دەرچوون، کە جاران قوتابیان لەسەر ڕەفەیەکی ئاسنین دەوەستان و هەندێکیان بە پێوە دەبوون و هەندێکی دیکەش شانبەشانی مامۆستاکانیان دەوەستان تا وێنەیەك لە ڕۆژی دەرچوونیان بگرن و ببێتە یادگاری بۆ داهاتوویان، ئەمساڵیش لە زۆربەی زانکۆکانی کوردستان،



## بووکەخان ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای تێکشکاند

لە نێو پیاوان دەگوترێ، هەمیشە شوفێریی ئافرەتان وەکو پیاوان نییە و هەردەم پیاوان زاناترن لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا، ئافرەتانیش لە نێو خۆیاندا دەڵێن، خواردن دروستکردن لە دەستی ئافرەتانەوە بە سەدان جار باشترە لەوەی پیاوێك خواردنێك دروست بکات، بەڵگەی قسەی پیاوان ئەوەتا لە ڕۆژی هاوسەرگیری و زەماوەندەکەی بووکەخان ئۆتۆمبێلێکی گرانبەهای تێکشاند. ئەو بووك و زاوایە لە وڵاتی بەریتانیان و لە ڕۆژی ئاهەنگیاندا زاوا ئۆتۆمبێلێکی جۆری (فیراری ٤٥٨ سپایدەر)ی تایبەت بۆ ڕۆژی ئاهەنگەکەی بە بڕی (٣٤٢) هەزار دۆلار دەکرێت، دوای ئەوەی بووکەخان داوای شوفێری لە ڕۆژی ئاهەنگی خۆیدا دەکات، بەڵام بەهۆی خراپی لێخووڕینەکەی خۆی بە باڵەخانەیەکدا دەکێشێت و ئۆتۆمبێلەکە تێکدەشکێنێت، زەرەرکەش هەر بۆ کاکی زاوایە، چونکە جگە لە چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکە، کە بڕی (٢٨) هەزار دۆلاری دەوێ، دەبێ ئەو باڵەخانەش چاك بکاتەوە کە خۆیان پێداکێشاوە.



ئاهەنگ و وێنەی دەرچوونیان ساز کرد. ئەگەرچی ڕۆژی دەرچووانی گشتی ماوە، لە ئێستادا هەر زانکۆ و کۆلێژێك وێنەی دەرچوونی بۆ قوتابیانی گرتووە، ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوودا، بە شێوازێکی جوانتر خۆشی و شادی خۆیان بە وێنەگرتن دەربڕی قوتابیان هەر یەکە لە شوێن و شێوازێك وێنەیان گرت، هەندێکیان لە پارك و باڵەخانە بەرزەکان و شوێنە جوان و دڵڕفێنەکاندا یادگارییان تۆمار کرد، جوانترین وێنەی دەرچوونی ئەمساڵ پشکی شێر بەر زانکۆی سلێمانی کۆلێژی دەرمانسازی کەوت، کە وێنە و بیرۆکەی وێنەگرتنەکە لەلایەن فۆتۆگرافەر (باوان بابان)ـەوە کاری بۆ کراوە، هەروەها بە کامێرای کانوون گیراوە، هەر بۆیە بە جوانترین شێوازی وێنەی دەرچوون دیاری کراوە.



# گەشتێک بۆ هەموو وڵاتانی جیهان

لەوە خۆشتر نییە گەشت بۆ هەموو، یان زۆربەی وڵاتانی جیهان بکەیت، جگە لەوەی گەشتێکی جیهانییە، هەروەها شارەزا و ئاشنای سەدەها داب و نەریتی گەلانی جیهان دەبیت، ئەوەیە بیرۆکەی ئەو دوو هاوسەرە هۆڵەندییەی، کە نیازیان وایە بە ئوتۆمبێلێکی کۆن سەردانی هەموو وڵاتانی جیهان بکەن، (دیریك ریگتر و ترۆدی ئاشتر)، لە ساڵی (١٩٩٧) ئۆتۆمبێلێکی جۆری (فۆرد تی)یان کڕیوە کە تەمەنی لە (١٠٠) ساڵ زیاترە و مۆدێلی ساڵی (١٩١٥)یە، دوای چاککردنەوە و ئامادەکردنی ئوتۆمبێلەکە، دەستیان بە گەشتەکەیان کردووە کە لە ساڵی (٢٠١٢)ـەوە بەڕێ کەوتوون، تا ئێستا (١٧٠٠٠) میلیان بڕیوە کە دەکاتە (٢٧٣٥٨) کیلۆمەتر، ئەو وڵاتانەی سەردانیان کردووە بریتیین لە: سودان، میسر، ئەسیوبیا، کەنەدا، ئەمریکا، کۆلۆمبیا، ئیکوادۆر، بۆلیڤیا، ئەرژەنتین، چیللی، ئۆرۆگوای و بەرازیل، ئێستاش بەڕێوەن بۆ وڵاتانی نیوزیلەندا و ئۆستراڵیا و چین و هیندستان و ئەندەنووسیا.




## پەند و وتە

- وینستۆن چرچل سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا دەربارەی ڕەخنە دەڵێ: ڕەخنەگرتن هەرچۆنێك بێت، بێزارکەرە و کەس حەزی پێناکات، بەڵام دەبێ بزانین ڕەخنە وەك ژان و ئازاری جەستە وایە، گوزارشت لە بوونی هەڵەیەك، یان گرفتێك لە تەندروستی دەکات، ڕەخنەکەش هەمان ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ.

## کاریکاتێر

- ئەو کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات، کە تیر لە پشتت دەدەن و هەر ئەوانیش پاشان هاوسۆزیت دەکەن، وەك ئەوەی کەسێك کێشەت بۆت دروست بکات و پاشان بڵێ یارمەتیت دەدەم !





## پشیلەیەک هەر چاوێکی ڕەنگێکە

ماوەیەك پێش ئێستا هەواڵی جوانترین پشیلەی جیهانمان بڵاوکردەوە، ئەمجارەیان جگە لەوەی پشیلەیەکی جوانە، هەروەها چاوەکانی هەر یەکەو ڕەنگێکن. ئەو پشیلەیە لە وڵاتی تورکیایە و خاوەنەکەی ناوی (بۆرجۆ کایناك)ـە و ناوی لە پشیلە چاو ڕەنگاوڕەنگەکەی ناوە: (ئەفسانەی ئەلوش)، دەڵێ: زۆربەی خەڵك کاتێك چاویان بە پشیلەکەم دەکەوێ، سەرسام دەبن و پرسیاری سەیرم لێ دەکەن، جگە لەوەی وێنەشی لەگەڵدا دەگرن و هەندێکیان پێیانوایە کە پشیلە چاو دوو ڕەنگەکەم سیحر و ئەفسانەیە، ئەو پشیلەیە ڕەنگی چاوێکیان شین و ئەوەی دیکەیان سەوزە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت، بەڵام ئەنجامی باشی نەبووە، هەندێك خۆڕاگر بە، لەداهاتووی نزیك ئەنجامی باشی دەبێت. کەسانی دەوروبەرت پێویستیان بە یارمەتی تۆیە و چاوت لێیان بێت. ئەو کاتەی هەست بە تەنیایی دەکەیت، پێوەندی بە نزیکترین کەست بکە، زۆرجاریش ئەو تۆی لە یادە و هاوکاریت دەکات.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

مەهێڵە کاریگەری کەسانی دیکە ژیانت تێکبدەن و پارێزگاری لە خۆت و کەسانی نزیکت بکە، ئەو ماوەیە ساتەوەختێکی ناخۆشیی هێنایە ناو ژیانت. بڕیارەکانت بە پەلە مەدە و چاوەڕێی ئەنجامەکانی کارەکانی پێشووت بکە، لە بواری هەستەوە لەگەڵ کەسێکدا هاوسۆز دەبیت و دڵی یەکتر خۆش دەکەن.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەرکێکی قورست پێی ڕاسپاردراوە و دەبێ بە جوانی جێبەجێی بکەیت. ماوەیەکە دڵتەنگیت پێوە دیارە، بەڵام ئەوە شتێکی کاتییە و زوو دەڕوات. هەمیشە لە دوای لایەنە باشەکانی ژیان بە و واز لە کێشە و گرفت بهێنە. کاتێکت پێویستە تا لەگەڵ ئەو کەسە نزیکەت کە لێت تۆراوە، ئاشت دەبیتەوە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئاشنایەتیت لەگەڵ ئەو کەسە تازەیەدا مانای ئەوەیە جێگەی متمانەتە، بەڵام زیاتر لێی ورد ببەوە و بزانە چ نیازێکی هەیە. هەوڵی خۆت بۆ کارەکانت بدە، بەڵام پێویست ناکات لە ڕادەبەدەر خۆت ماندوو بکەیت، پشووێك وەربگرە و دڵت شاد بکە و چیدی خۆت لەخۆڕا خەمبار مەکە.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئازار بەو شتە ناخۆشەکان مەچێژە و بە گەشبینی لە ژیان بڕوانە، خەریکی ئەرکی خۆت بە و مەهێڵە کەسایەتیت لکەدار بکرێت. ئامانجی خۆت لە داهاتوو دیاری بکە و هەمیشە سەرچاوەی خۆشی بە لە نێو خێزان و بنەماڵەکەتدا، ئەرکەکانت بە جوانی و ڕێکی ئەنجام بدە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ژیانی هەموو کەسێکدا ساتەوەختی ناخۆشی وخەم دەردەکەوێ و پێویست ناکات هەموو کارەکانت بە هۆی چەند ناخۆشییەکەوە لە دەست بدەیت. متمانەت بە خۆت و بیرکردنەوەت هەبێ، داهاتووت بەرەو باشی ڕێگە دەگرێت، ئەو کارەی ئێستات لە دەست مەدە و پارێزگاری لێ بکە.



## سەندڵی لەزگە !

لە وەرزی گەرمادا، زیاتر جلوبەرگ و پۆشاکی تەنك و هاوینە باویان دەبێ، ئیدی كچان و ئافرەتانیش دەستە جل و سەندڵ دەهێننە كایەوە، سەندڵەكان بە خۆشی و ئاسانی لە پێی دەكرێن، كەچی كۆمپانیایەكی ئەڵمانی پەرەی بە سەندڵ داوە و هێشتا وای كردووە زیاتر ئاسانتر بێت بۆ لەپێی كردن، كۆمپانیای (بیركینستۆك)ی ئەڵمانی، جۆرە سەندڵێكی دروست كردووە، كە وەك لەزگەیە و بە پێوە دەنووسێ، ئەو بەرهەمە ناوی (باكیلیس)ـە، هەر لە پارچەیەك پێكهاتووە، كاتێك پێیەكانت دەخەیتە سەری ڕاستەوخۆ بە قاچت جێگیر دەبێ و بەبێ ئەوەی بێزاریشت بكات، نرخی (١٩) یۆرۆیە و لە پێی كردنیشی هەستێكی خۆشت پێدەبەخشێت و ئازاری بن و پاژنەی پێیەكانت نادات.

## تابلـــــــــۆ

- دەستەكانی دوعا

كارێكی ناسك و جوانی وێنەكێشی ئەڵمانی (ئەلبێرت دورێر)ـە كە بە یەكێك لە وێنەكێشانی سەردەمی ڕینسانس دادەنرێت و لە شاری نورمبێرگی ئەڵمانی و لە ساڵی (١٤٧١) لە دایك بووە. لە بواری وێنەكێشانی حاڵەت و دیاردەی سرووشتی باڵا دەست بووە، ئەو وێنەیەی بە ناوی دەستەكانی دوعا لە ساڵی (١٥٠٨) كێشاوە، بە درێژی (٢٩) سەنتیمەتر و پانی (١٩) سەنتیمەترە، تابلۆیەكی حەبری و لەسەر كاغەز كێشراوە، دورێر لە ساڵی (١٥٢٨) كۆچی دوایی كردووە.





## یاری وێنە

- لەم وێنەیەدا، كچێك لە نێو (٣) دیواردا بە شێوازێك وەستاوە، هەوڵدە بزانە ڕاستی و دروستی وێنەكە چییە و چۆن گیراوە !

## یاری پیت

هەوڵبدە پیتەكان ڕیز بكەیت، تا ناوێكت بۆ دەردەچێت:

| ن | ه | ت | و |
|---|---|---|---|

ئاسانكاری :
ئامێرێكی كوردەوارییە !



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

كارێك مەكە دواتر پەشیمانت بكاتەوە. هەوڵبدە لەگەڵ هەموو لایەنەكان بە یەكسانی مامەڵە بكەیت و ئەوەی جێگەی متمانەت نەبوو، لە خۆتی دوور بخەیتەوە. هەرگیز بە دوای ڕووداوەكانی پێشوودا مەبە و تەنیا وانەیان لێ وەربگرە. كەسایەتیت بپارێزە و بەرگریش لە خۆت بكە.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

ماندبوونی پێشووت بەفیڕۆ ڕۆیشت و ئەوەش بە هۆی ئەوەی كارێكت كرد، بەبێ بیر كردنەوە بوو. ئەوجارەیان بە جوانی بیری لێی بكەوە و پلانی بۆ دابنێ و پاشان جێبەجێی بكە. داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێ و خەمیش لە ڕابردوو مەخۆ، كەسێك دەیەوێت لێت نزیك بێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بڕیاری كۆتایی لەسەر خۆت و ئەو كەسەی لە دڵتە، با بە یەكجاری نەبێ، دەرفەتێكی دیكەی پێبدە و بزانە ئەوجارە هەمان هەڵە دووبارە دەكاتەوە، كەسێكی دڵ بەسۆزە و بە ئاسانی لە خەڵك خۆش دەبێت، بڕوات بە داهاتووت هەیە و بەرەو ئەنجامی هەنگاوەكانت ڕێگە دەگریت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ماوەیەكە بیرۆكەی سەیر بە مێشكتدا دێ و جارجارەش بیر لە جێبەجێكردنیان دەكەیتەوە. ئەو ماوەیە بۆ تۆ نەخوازراوە و هیچ هەنگاوێكی ئابووری مەهاوێژە، چونكە هەرچی بكەیت، بە زەرەر بۆت دەگەڕێتەوە، ئامانجت دیاری بكە و كاریان لەسەر بكە، دڵت تەنگ مەكە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەستێكی جوانت بۆ كەسێك هەیە و هەمیشە دڵتی بۆ بكەوە و یارمەتی بدە. هەوڵێكی تازەت لە پێشە بۆ گەیشتن بەو ئەنجامانەی لە پێشوودا چاوەڕێی بووی. كەسایەتیت پاراستووە و هەردەم لەگەڵ ئەو كەسانە مامەڵە بكە لە خۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵتن و بەردەوام پشتت دەگرن.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەركەكانت بە جوانی جێبەجێ بكە و شارەزای ئەو كەسە نزیكەت بە كە هەمیشە هاوسۆز و هاوكاری تۆیە. بڕوات بە خۆت هەبێت و كاتەكانت دیاری بكە و ژیانیش لە خۆت مەشێوێنە، كاتێك بیر لە داهاتووت دەكەیتەوە، هەست بە دڵتەنگی و دوودڵی مەكە و تەنیا بیر لە بەرنامە و بڕیارەكانت بكەوە.